# پرۆگرامی هاوەڵانی نێودەوڵەتی پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد
# داخوازی کردن بۆ زەماله بۆ هاوەڵانی ئاست بەرز کراوەیه

دادەخرێت له رۆژی هەینی رێکەوتی 2007/08/24

## هاوەڵانی ئاست بەرز بۆ ساڵی 2007

پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد ئێستا دەستی کردوه به وەرگرتنی فۆرمی داخوازی کەران بۆزەمالەی ئاستی بەرز بۆ ساڵی 2007. هاوەڵی داخوازی (زەماله) کەر پێویسته زیاتر له پێنج ساڵ ئیشی کردبێت لـه کـاروبری یاسایی هەر وەک مافناسێک/بـەرگریکـەرێک/پشتیوانی کـەرێک بۆ مافی مرۆڤ لـه ناوچـه کوردیـەکان. وەرگرتنی فۆرمی داخوازی وەردەگیرێت له هەردو رەگەز

## یارمەتی ماددی

بۆ هێشتنەوەی سەربەخۆیی خۆی، پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد پاره وەرناگرێت له هیچ رێکخراوێک یان دەزگایەک، حکومی یان مەدەنی له ناوچه کوردیەکان یاخود هەر کەسێک که به ئەوانەوه بەستراوەتەوه. سەرچاوەی ماددی وەردەگرێت له رێکخراوه یان دازگا خێرخوازەکان که بەخێرو سیقه وەری دەگرن. وەهەروەها پاره وەردەگریت له کەسایەتیه یاخود دەزگا سەربەخۆکان. بەو شێوەیە ئێمه دەتوانین بودجەی ئەم بەرنامەیه(زەماله) بۆ هاوەڵانی ئاست بەرز دابین بکەین.

## هەڵبژاردن

**پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت به وردی بێت، وه قیاسی باشیەتی هەروەک له خوارەوه رون کراوەتەو زۆر بەرزە.**

هاوەڵانی ئاست بەرز پلەی کاندیدیان پێ دەبەخشرێت وه پەیوەست دەبن بـه رێساکانی مـافی مرۆڤی جیهـانی هەروەک له بەیاننمەی نەتەوه یەکگرتوەکاندا هاتوه بۆ مافی مرۆڤ و بۆ پاراستنی و گەشەپێدانی مـافی مرۆڤ بۆ هەمو کەسەکان له ناوچه کوردیەکاندا، به بێ جیاوازی رەگەز و ئاین و جنس و ئاراستەی سیاسی، ئاراستەی رەگەزی و یاخود هەر باوەرێکی تر یان پێشنیار.

هاوەڵی سەرکەوتو پێویسته تەرخان کردنـی خۆی پیشان بدات بۆ زیاتر بـەرەو پێش بردنـی میکانیزمی مـافی مرۆڤی نێو دەوڵەتی وه بۆ بەرەو پێشخستنی قەبارەی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پەیدا کردنـی رێز بۆ سـەروەریـەتی یاسا.

کاندیدی سەرکەوتو پێویسته دەست نیشان بکرێت لەلایەن کۆمیتەی هەڵبژێردراو کەله 6 ئەندام پێکدێن کـه پێـک هاتوه لـه دەستەی بـەرێوەبـەری پرۆژەکه، کارماندانی پرۆژەکه، بۆردی ئامۆژگاری و رێکخراوه ناحکومیه هاوبەشەکان.

## بەرنامەی خوێندنی هاوەڵان بۆ زەماله:

کاندیدی سەرکەوتو هاوکاری دەکات بەچری لەگەڵ تیمی یاسایی پرۆژەکه (کەپێک هاتون له یاساناسانی پێشەوا کـه هـاتون لـه دەزگـا یاساناسـەکانی نێودەڵـەتی و کـەسایەتیه ناسراوەکان و کۆمپانیـای یاساناسـان لـه ئـەوروپـاو ناوچـەکـان) لـەسـەر کـەیسه زیندوەکان بۆ دادگای مـافی مرۆڤ لـه ئـەوروپا وه گـەیاندنی شـکایەت بۆ نـەتـەوه یەکگرتوەکان و میکانیزمی مافی مرۆڤ له شوێنەکانی تر. هاوەڵان کارامەی خۆیان بـەکاردێنن سـەبارەت بـه کێشه ئاڵۆزەکان لـه نـاوخۆدا بۆ چارەسەرکردنیـان و وەسـەلماندنیان. ئـەمـەش زۆر نـاوچـەی بـەرەنگاری کـەر دەگرێتەوه سەبارەت به کێشه مافه مرۆیەکان له ئاستی یاسادا، هەر وەک کەیسی له سێدارەدان و، ئازاردان و وه خراپ مامەله لەگەڵ کردن یان دژایەتـی بـه سـەربـەستی قسەکردن و دەربرین. لەوەزایتر، بۆ ئامادە کردنی

بەسەرداچونەوەی یاسایی کەیسەکان ساڵی دو جار بۆ پرۆژەکە- کە تەنها دەزگایە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و یاسایی بەوردی کاردەکات بۆ پێشخستنی مافی مرۆڤ لە ناوچە کوردیەکانی تورکیا و عیراق و ئێران و سوریا وقەوقاس، کەسی هاوەڵ(زەماڵە) نوسینێکی ئەکادیمی ئامادە دەکات لە گەڵ نوسەرێکی تر. لە کۆتاییدا، بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی بەرنامەکە، هاوەڵ بەشداری دەکات بە لایەنی کەمەوە لە قسەکردن لە بەردەمی خەلک کە ئامادە دەکریت لە لایەن پرۆژەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد، بۆ خستنە بەرچاوی ڕوانگەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەیاندا؛ وە بەلایەنی کەم جاریک دەچێت بۆ برۆکسل (بۆ نمونە؛ پەرلەمانی ئەوروپا)، ستراسبێورگ (بۆ نمونە؛ دادگای مافی مرۆڤ لە ئەوروپا)، یان بۆ بارەگای نەتەوە یاکگرتوەکان لە نیو یۆڕک یان لە جنێڤ یان هەر چاوپێکەوتنێکی تری نێو دەڵەتی، وە فێری زمانی ئنگلیزی دەکرێن بە چڕوپڕی یان بەبەردەوامی بۆ پێداویستی بەکارهێنانی گفتوگۆیان.

بە لێکۆلینەوەو، ئامۆژگاری و وە راپورتدان لە سەر کێشە تایبەتەکان وە رووداوی مافی مرۆڤ لە ناوچە کوردیاکان، ئەمەش وەرگێڕانی بڕگەی یاسایی ناوخۆیی پەیوەست و بەڵگە یاساییەکان دەگرێتە خۆ لە هەر شوێنێک کە پێویستن. وە هاوەڵ (زەماله) پشتگیریەکی بی هاوتا پێشکەش دەکات بۆ پرۆژەکە. لەوەش زیاتر، لەکاتێکدا ئامادە بونی و بەشداری کردنی لە ئاستە جیاوەزەکاندا لە ڕوداوەکانی مافی مرۆڤدا زیاتر یارمەتی پرۆژەکە دەدات بۆ زیاتر ئاسان کردنی پەیوەندی لەگەل خەڵک لەسەر بنچینەکان، لەکاتیکدا ئەمەش دەرفەتێکی بێ هاوتا دەداتە هاوەڵان بۆ تۆڕی پەیوەندی لەگەل خەڵکی ئاسایی و حکومەت لە جیهاندا.

## خەڵات بۆ هاوەڵانی (زەماله) ئاست بەرز:

تەواوکردن ئەم بەرنامەیە بە سەرکەوتوویی، هاوەڵان دەربڕینێک دەکەن لەسەر ئەو ئەزمونە وە هەندێک بڕی یارمەتی مادديان دەدرێتێ بۆ دان نان بە ئەو بەشداری کردنە لە بەرچاوەی کردویانە لە پرۆژەکەدا، یان لە کاتی خەلاتی ساڵانەی پرۆژەکەدا یان لە کاتی چاوپێکەوتنی دەستەی یاسایی پرۆژەکە کە دوجار دەکرێت لە سالێکدا لەلەندەن.

## شوێنی نیشتەجێ و ماوەکەی

هاوەلانی زەماله بە کاتی تەواو ئیش دەکەن بۆ ماوەی 4-6 مانگ، کە جێگیرکراوە بنکەی سەرەکی پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد لەلەندەن. کاتی ئیش کردن لەسەعات 9ی سەر لە بەیانی بۆ 5:30 سەر لە ئێوارە لە ڕۆژی دوشەممە بۆ هەینی. ڕۆژانی شەممەو یەک شەممە پرۆژەکە داخراوە.

لە ماوەی 12 مانگی دوای کۆتایی زەمالەکە، بە لایەنی کەمەوە دەبێت هاوەڵ بەناوی پرۆژەکە بە ئارەزوومەندانەوە وەک نوێنەری پرۆژەکە لە سێ چالاکی جیاوازی ناو خەڵک خۆی دەرببڕێت، وە لەگەڵ کەسانی تر مەقالەیەک بۆ گۆڤاری پرۆژەکە بنوسیت، وە دەربڕینێک ئەنجام بدات لە کاتی خەڵاتی مافی مرۆڤی ساڵانەی پرۆژەکە، یان لە کاتی چاوپێکەوتنی دەستەی یاسایی پرۆژەکە کە دوجار دەکرێت لە سالێکدا لەلەندەن، لەسەر کاریگەری هاوەڵ لەکاری مافی مرۆڤدا لەو کاتەوەی کە چوەتەوە بۆ وڵاتەکەی.

## دابینکردنی پێداویستی بۆ هاوەڵان

**پرۆژەی مافی مرۆڤی کوردی بۆ هاوەڵانی ئاست بەرزی نێونەتەوەیی ئەم پێداویستیانە دابین دەکات:**

- پێداویستی بنچینەیی ژیان و یارمەتی
- هەر هاتوچۆیەک کە پەیوەندی هەیە بەرنامەکەوە ، لە هەر شوێنێک کە هاوەڵ وەک نوێنەری ڕێکخراوەکە لە چالاکی بەشداری دەکات، چ لەکاتی بەرنامەکەدا یان ساڵی دوای بەرنامەکە
- بیمەی نەخۆشی یان هەر ڕوداوێک
- بڕی پارە بۆ فێر بونی زمانی ئنگلیزی
- هەندێک پارەی کاش وەک خەڵتێک بۆ سەرکەوتویی لە بەرنامەکە

**تێبینی: بەرنامەی زەماله، پارە بۆ خێزان دابین ناکات**

## مەرجی هەڵبژاردن

**بە گشتی**: بۆ ئەوەی کەسێکی شیاو بیت بۆ وەرگرتنت لەلایەن پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد وەک هاوەڵێک تۆ پێویستە:
- ئێستا نیشتەجێی بیت لە ناوچە کوردستانیەکانی تورکیا، عیراق، ئێران و سوریا یاخود ناوچەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشو. ئەگەر وەڵامەان لە داخوازی کەران ناوچەکانی کوردستان بەدەست نەگەیشت ئەوا فۆرمی داخوازی لەو کوردانە وەردەگیرێت کە کوردستانین و لەدەرەوەی وڵات کە لە ئەوروپا دەژین و پایوەندیەکی یان کاریگەری تەواو یان هەیە لەسەر ناوچە کوردیەکان. ئەو کوردانەی کە لە دەروەوە دەژین و داخوازی دەکەن پێویستە زمانی ئنگلیزی باس قسە بکەن و وە بە پێوانەیەکی بەرز وەردەگیرێن

- شارەزایی بنچینەیی هەبیت لە کۆمپیوتەر
- بتوانێت وەک ئەندامێک لە تیمێک ئیش بکات
- بیرو باوەڕی فراوان بێت
- شارەزایی هەبێت لە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەدا

**هەمو هاوەڵان زۆر پێویستە لەسەریان کە متمانەی ئیشکردن بپارێزن، وە تەنها ئیش بکەن بۆ پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد لە کاتانەدا**

**ئەو مەرجانەی کە پێویستە کاندید هەبێت بۆ ئەوەی وەربگیرێت:**

- کەسێکی ماف ناس بێت یان ئەندامی دەزگایەکی یاسا بێت؛
- بەلایەنی کەمەوە پێنج سال ئیشی کردبیت شارەزاییو ئەزمونی هەبیت وەک کەسێکی مافناس، پستیوان یان بەرگری کەر لە مافی مرۆڤ لە ناوچ کوردیەکان
- ئارەزوی هەبێت لە گەشەپێدانی ڕێکخراوی کۆمەڵگا مەدەنیەکان
- کەمێک زمانی ئنگلیزی قسەبکات (ئەمە خالێکی زۆر گرنگە بۆ قبول کردنی کاندید)
- بنچینەی ئیشکردنی ئەو ڕێکخراوە نێو دەوڵتیانە بزانێت کە ئیش بۆ بەرەو پێشبردنی مافی مرۆڤ دەکەن کە پرۆژەکە ئیشی لەسەر دەکات، هەروەک دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا، نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئاسایش ویارمەتیدان یەکیەتی ئەوروپا، وە کاونسڵی ئەوروپا.

## پرۆسەی کاندید کردن:

- ئەندامی کۆمیتەی هەلبژاردن چاودەخشێنن بە فۆرمی وەرگیراو وە کەسە شایستەکان هەڵدەبژێرن و ئەوانی تریش لادەبەن بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەکان؛
- بە تەلفۆن چاوپێکەوتن سازدەدریت (کە یەکەم چاو پێکەوتن بە تەلفۆن دەکریت) لەگەڵ کەسە هەلبژێردراوەکان لە لایەن کۆمیتەی هەڵبژاردنەوە
- ئەگەر پیویست بوو، ئەوا چاوپیکەوتنی دوەم سازدەدرێت، یان بەتەلەفۆن یان بە بینین لەکاتی سەردانی نوێنەری پرۆژەکە بۆ ناوچەکە (بۆ مەبەست یەکسانی، ئەم پرۆسەیە ئەگەر ئەنجام درا ئەوا هەمو لایەک دەگرێتەوە)؛

## چۆن داخوازی دەکەی:

**تێبینی: داخوازی کردن ڕادەگیرێت لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 08/24/ 2007**

- فۆرم دابەزێنەو پڕی بیکەرەوە، وەهەروەها فرۆمی دەرفەتی یەکسانیش پڕبکەرەوە (لەبەشی خوارەوە). سی ڤی تەنها وەک بەڵگەیەکی زیاتر پشتگیری بۆ فۆرمەک کە داخوازی لەسەر دەکەی، وە نەبونیشی ئاساییە؛
- نزیکەی 500-1000 وشەی نمونەیی بنوسە لەسەر بابتێک کە بۆخۆت هەڵی دەبژێریت؛
- دوو نامەش ئامادە بکە لەلایەن دوکەسەوە کە هاوەڵی ئیشکردنت بن یان ئیشت بۆ کردبن یان ئاگایان لە ئیشەکانت بێت کەکردوتە بۆ مافی مرۆڤ لەناوچەکەتدا.

فۆڕمی داخوازی دابەزێنە:

PDF FORMAT / WORD DOC FORMAT

بەیارمەتی خۆت بە ئیمەیڵ بۆمان بنێرەوە بۆ

fellowship@khrp.org

یان بەپۆست بینێرەوە بۆ

Kurdish Human Rights Project (KHRP)

11 Guilford Street

London WC1N 1DH

Tel +44 (0) 207 405-3835

Fax + 44 (0) 207 404-9088

## یاسای وەرگرتنی یەکسانی:

پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد پەیوەستە بە یاسای دەرفەتە یەکسانیەکان. بۆ ئەوەی ئاگاداری ئیشکردنی ئەم یاسایە بین، زۆر پێویستە لەسەرمان کە زانیاری کۆبکەینەوە لە داخوازیکەری ئیشو، ئارەزومەند خوازو، هاوەڵ و، لەسەر خالە بنچینەکانی کە پەیوەندن بە وەرگرتنی یەکسانی. ئامانجی یاسای وەرگرتنی یەکسانی ئەوە دڵنیا دەکاتەوە کە جیاوازی نابێت نە بەڕاستەوخۆیی وە نە بە ناڕاستەوخۆیی ڕودەدات لەسەر بنچینەی، ڕەنگ، ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، تەمەن، یان کەم ئەندامی. ئەو زانیاریانەی کە دەیدەیت بە متمانەیی لای ئێمە دەمێنێتەوە، وە هیچ کاریگەری ناکاتە سەر خۆ هەڵبژاردنت. ئەوە تەنها بۆ مەبەستی ئامار بەکار دەهێنرێت بۆ بەسەردا چونەوەو ئامادە کردنی یاسای وەرگرتنی یەکسانی.

## کەم ئەندام:

فۆرمی داخوازی بۆ زەمالە بەخێر هاتنیان لێ دەکریت لە کەم ئەندامانەوە. ئەگەر کەم ئەندامیت، دەتوانی پەیوەندی بەئێمەوە بکەیت بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمەکە، یاخود بۆ هەر مەبەستێکی تر بۆ پێشخستنی ئاسانکاریەکانت بۆ ئەوەی فریای هەمو ئاستەکانی هەڵبژاردن بکەویت.

.
.